هەیە، ئازادی هەڵبژاردنیشی بەمەرجی دادپەروەرانە و رازیکەر هەیە، هەوەرهــا مافی پارێزگاری لێکردنی لە بێکاریش هەیە.

ب/ هەر تاکێک مافی کرێی یەکســانی کارکردنی هەیە بەبێ جیاوازی.

ج/ هەر کەســێک کە کاردەکات، مافــی لە کرێیەکی دادپەروەرانە هەیە، کە بتوانێت خۆی و خێزانەکەی پێ بژیێنێت کە بشــێت لەگەڵ کەرامەتی ئادەمیزاد. جگە لەوەش لەکاتی پێویست مافی هۆکاری تریشی هەیە بۆ پارێزگاری کۆمەڵایەتی.

د/ هەر کەســێک مافــی دامەزرانــدن و ئینتماکردنی سەندیکاکانی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هەیە.

**ماددەی بیست و چوارەم:** هەر کەسێک مافی پشووی لە کاتە بەتاڵــەکان هەیە، بەتایبەت لە دیاریکردنێکی گونجاوی کاتژمێرەکانی کارکردن و مۆڵەتە خولاوەکان بەکرێیەوە.

**ماددەی بیست و پێنجەم:** ا/ هەموو کەس مافی ئاستێک لە گوزەرانی هەیە بۆ پارێزگاریکردن لە تەندروســتیی و رەفاهیەتــی خۆی خێزانی، کــە ئەمەش خۆراک و جلوبەرگ و نیشــتەجێبوون و چاودێری پزیشــکی و خزمەتگوزارییە کۆمەڵیەتییە پێویستەکان دەگرێتەوە. هەروەهــا مافی دڵنیایی ژیانی هەیــە لە حاڵەتەکانی بێکاری و نەخۆشیی و لەکارکەوتن و بێوەژنی و پیری و حاڵەتی تــری لەدەســتدانی هۆکارەکانی ژیان، لە ئەنجامی بارێک کە لەدەرەوەی ئیرادەی دا بێت.

ب/ دایکایەتــی و منداڵییەتــی شــایەنی یارمەتی و چاودێرین،هەموو منداڵەکانیش شایەنی پارێزگاریکردنی کۆمەڵایەتیین، جا چ لەدایکبوونەکەیان شــەرعی بێت یاخود ناشەرعی.

**ماددەی بیســت و شەشــەم:** ا/ هەموو کەسێک مافی فێربوونی هەیە، پێویستیشــە بــەلای کەمی قۆناخی ســەرەتایی یــا بنچینەیی بەخۆڕایی بێــت. هەروەها پێویستە فێرکردنی سەرەتایی ئیلزامی بێت و فێرکردنی هونەری و پیشەییش بگشتێندرێت. قبووڵ کردنیش لە خوێندنی باڵا بە یەکســانی بێت بۆ هەمووان و لەسەر بنچینەی لێهاتوویی بێت.

ب/پێویستە ئامانج لە پەروەردە کردن بۆ گەشەپێدانی کامڵی مرۆڤ و رێزگرتن لە مرۆڤ بێت، لەگەڵ ئازادییە بنچینەییــەکان و گەشــەپێدانی لەیەکتر گەیشــتن و لێبووردەیی و دۆســتایەتی نێوان گەلان و گرووپەکانی رەگەزپەرستی و ئاینی. لەگەڵ وچانە بێشوومارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پاراستنی ئاشتی.

ج/ دایبابان (الابــاء) مافــی یەکەمینیــان هەیــە لە هەڵبژاردنی جۆری پەروەردەکردنی منداڵەکانیان.

**مــاددەی بیســت و حەوتەم:** ا/ هەمــوو کەس مافی بەشداریکردنێکی ئازادانەی هەیە، لە ژیانی کۆمەڵگای رۆشنبیریی و چێژ وەرگرتن لە هونەر و پشکداریکردن لــە پێشــکەوتنی زانســتی و ســوود وەگرتــن لــە ئەنجامەکانی.

ب/ هــەر کەســێک مافــی پارێــزگاری لێکــردن لە بەرژەوەندییە ئەدەبی و ماددییەکانی هەیە کە لەرێگای بەرهەمهێنانی زانســتی یا ئەدەبــی و هونەرییەکانی وەدەستی کەوتووە.

**ماددەی بیســت و هەشــتەم:** هەموو کــەس مافی لە سیســتەمێکی کۆمەڵایەتــی نێودەوڵەتــی هەیە، کە بەهۆیەوە ماف و ئازادییەکانی لێ وەدەســت دێت، کە لەو جاڕنامەیە دەقێندراوە.

**ماددەی بیست و نۆیەم:** ا/ هەر کەسێک ئەرکی بەرانبەر کۆمەڵگاکەی هەیە، کە کەشــێکی بۆ کەسیەتییەکەی فەراهەمکردووە تا گەشەیەکی کامڵی تێدا بکات.

ب/ تاک لە مومارەسەکردنی ماف و ئازادییەکانی، تەنیا دەکەوێتە ژێر ئەو کۆتانەی کە یاســا سەپاندوویەتی، بۆ گرەنتیکردنی دانپێنانی ماف و ئازادییەکانی ئەوانی تــر و رێز لێگرتنیان و وەیدهاتنێکــی دادپەروەرانە بۆ سیســتەمی گشتی و بەرژەوەندی گشتی و ئەخلاق لە کۆمەڵگایەکی دیموکراتیک.

ج/ بەهیــچ بارێک نابێت مومارەســەی ئــەو مافانە بکرێت کە دژی مەبەستەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و پرنسیپەکانی بێت.

**ماددەی سییەم:** هیچ شــتێک لەو جاڕنامەیە نییە کە تەئویل بکرێت یا دەســەڵات بداتــە دەوڵەتێک یاخود گرووپێک یا تاکێک کە مافی چالاکییەک یا ئەنجامدانی کارێکی هەبێت بۆ تێکدانــی ماف و ئازادییەکانی نێو ئەو جاڕنامەیە.